

## هیلین قاسملوو بۆ لڤین

# لەتبوونی حیزبی دیموکرات بۆ من روداوێکی ئازارهێنەر بوو ، ئەگەر لە کوردستان بوومایە هەوڵم دەدا پێش بەو کارە بگرم

تایبەت بە لڤین - پاریس

هیلین لە تەمەنی لاویدا

**● هێلین قاسملوو کە لەناو کوردەکانی ئێران بە خوشکە نەسرین ناسراوە، خێزانی رێبەری تیرۆرکراو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە دوکتۆر قاسملووە، خەڵکی وڵاتی چیکە، ئێستا 74 ساڵ تەمەنیەتی‌و بەتەنیا لە شاری پاریس دەژی، نەسرین قاسملوو لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا بۆ رۆژنامەوانی کوردی بۆ گۆڤاری لڤین دەدوێت لەم دیدارەدا تیشك دەخاتە سەر لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە و رۆڵی قاسملوو لە شۆڕشی کورددا ئەوەش ناشارێتەوە کە تائێستا کەس لەم حیزبەدا نەیتوانیوە جێگای قاسملوو بگرێتەوە:**

**لڤین: تۆ چەند ساڵە سەفەری کوردستانت نەکردووە؟**

هێلین: دوا سەفەری من ساڵی 1989 بوو، واتە 18 ساڵ لەمەوپێش بوو کە هاتم بۆ کوردستان لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو بووم. ئەو جارەش نەخۆش کەوتم. لەوکاتەوە تائێستا سەردانی کوردستانم نەکردووەو کەسیش بانگهێشتی نەکردووم.

**لڤین: دەعوەتیش نەکراوی لەلایەن حزبی دێموکراتەوە؟**

هێلین: نا، ئەوان خۆ لە من ناپرسن، منیان هەر لەبیرچۆتەوە!

**لڤین: خانمی قاسملوو دەمەوێ لەسەر دووکەرتبوونی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێتبپرسم، تۆ چۆن زانیت ئەم رووداوە لە حزبی دێموکرات روویداوە؟**

هێلین: من لە دوورەوە بیستومەو هۆکارەکەشی نازانم‌و ئەندامی حزبی دێموکراتیش نیم. لە تەمەنێکیشدام کە هەواڵەکانم پێنادەن. هەرچەند هەر لەتبوونێك بۆ من ناخۆشە، بەتایبەت ئەگەر ئەمە لە حزبی دێموکرات بێ. ئەمە کارێکی باش نەبوو. ئێستا ئەوان هۆکاری پێویستیان پێبووە یا نا، من نازانم، ئەمە دەبێ لەوان بپرسی. هەرچەند پێموایە ئەو لەتبوونە بەم بەربلاوییە دەریدەخا کە ناو حزب تەندروست نەبووە.

**لڤین: خانمی قاسملوو بەبۆچوونی تۆ هۆکاری ئەم لەبەریەکترازانە دەبێ چی بێ؟**

هێلین: کاکەگیان! باوەڕبکە نازانم. ئەگەر

پێتوایه من شتێك دەزانم هەڵدەدەكەی. بەڕاستی نازانم هۆكاری ئەو رووداوە چییە؟ من تازە بیستومەو تەنیا گوتیشم سەد حەیف کە ئەم حزبە دوای ئەو هەموو کارو زەحمەتە بەو جێگایە گەیشت کە جیابوونەوە تیایدا رووبدا. بەکورتی من بەو هەواڵە خۆشحاڵ نیمو هۆکارەکەشی نازانم. کاتێ نەزانم لە سەر چی بووە، ناتوانم بۆچوونم هەبێ.


**لڤین: خانمی قاسملوو لێکترازانی ئەمجارەی حزبی دێموکرات بۆ تۆ ناخۆش نییە؟**

هێلین: من پێمگوتی زۆر بەداخم، بەڕاستی دەردهێنەرە. من هێزێکی وام لەبەردەستدا نەبوو کە بمتوانیایە پێش بەو کارە بگرم. بەداخەوە زۆر ناخۆشە بۆ من. پرسیار ئەوەیە کە حزبێکی سیاسیی بۆ پێکدێ؟ بێگومان بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی پێکدێ، کاتێك لەنێو حزبدا شەڕو هەلا پێکدێ، واتە میللەتیان لەبیرکردووە، ئەمە یانی چی؟! بەکورتی من کاتێك لە کوردستان بوومو لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو کارمدەکرد، هەمیشە دەمدی ئەو هەوڵدەدا کە ئەم حزبە یەکپارچە بمێنێتەوە. هەرچەند لەو سەردەمەشدا کەسانێك جیابوونەوە، بەڵام ئێستا زۆر ناخۆشە دوای ئەو هەموو ساڵە لە دەربەدەریو بێدەرەتانی، حزب گەیشت بە جێگایەك کە ئێستا ئەمە وەزعیەتی. من نازانم لەمە زیاتر چی بە تۆ بڵێم.

**لڤین: ئۆپۆزیسیۆنی ناو حزبی دێموکرات، ئاغای هیجری بەوە تاوانباردەکەن کە هەموو دەسەلاتەکانی بۆ خۆی قۆرخکردووەو لە ئاستی پێشێلکردنی بنەماکانی دێموکراسی هەنگاوی ناوە، ئەمە لە پاڵ ئەوەدا تاوانباری دەکەن بە ئەنجامی هەڵەی سیاسیی، تۆ لەمبارەیەوە دەڵێی چی؟**

هێلین: من هیچ زانیارییەکم لەوبارەیەوە نییە. راستیشت دەوێ نامەوێ بزانم، ئەگەر توانام هەبووایە، هەوڵمدەدا پێشم بەو کارانە بگرتایە، بەڵام ئێستا کە وەزعەکە وایە نامەوێ هیچ شتێك ببیستم، چونکە بەڕاستی بۆ من ئازارهێنەرە. بەهەرحاڵ نەدەبوو وابووایە.

**لڤین: دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو، پێوەندیی رێبەرانی حزبی دێموکرات لەگەڵ تۆ چۆن بووە؟**



هێلین: من ئەندامی حزبی دێموکرات نیم. جارجار کاك مستەفا هیجریو کاك عەبدوڵڵای حەسەن زادە سەردانم دەکەن یا تەلەفونم بۆ دەکەن، بەڵام ئەمە زۆر بەکەمی روودەدا. باشە کاکی خۆم ئەوان چ کارێکیان بەم پیرەژنە هەیە؟! تازە تەمەنی من بەسەر چووە (پێکەنین).

**لڤین: من بیستوومە تۆ گلەییت زۆرە لە رێبەرانی حزبی دێموکرات؟**

هێلین: ئاخر من لە کوێ شکایەتیان لێبکەم. من شوێنێکم نییە کە شکایەتیان لێبکەم. پاشان بەڕاستی من راستییەکانی ئەوێ نازانم. چونکە ئەگەر راستییەکانم بزانیایە پێش ئەوەی شکایەتیان لێبکەم، بە خۆیانم دەگوت. بەداخەوە من هۆکارەکانی ئەم لەتبوونە نازانم. من زیاتر لە بیست ساڵە کاك مستەفاو مامۆستا عەبدوڵڵا دەناسم، ئەوان ئینسانی باشن، بەڵام بەڕاستی من لەباری کاری سیاسیانەوە هیچ نازانم. ئەوانیش ناتوانن دوکتۆر قاسملوو بن. رێبەرانی ئێستای حزبی دێموکرات زۆر لەدوای دوکتۆر قاسملووەوەن.

**لڤین: تۆ چ قسەیەکت هەیە بۆ هەردوو باڵی لێکدابڕاوی حزبی دێموکرات؟**

هێلین: بریا ئەم پرسیارەت زووتر بکردایە تا خۆم ئامادەبکردایە، بەڵام من ئاواتم ئەوەیە زیاتر لە فیکری میللەتدا بن. ناوخۆی حزب تەندروست بێ. ئەگەر ناوخۆی حزب تەندروست نەبێ، جیابوونەوە روودەدا. ئەم جیابوونەوەیە بە من دەڵێ کە شتی ناتەندروست لەناو حزبی دێموکراتدا بووە. منیش ئاواتم ئەوەیە شتە ناتەندروستەکانی ناو حزب لابچنو پێکەوە یەکگرتوو بنو دەست لەم کارانە هەڵبگرن. ببورە من ئێستا رەنگە نەتوانم وەڵامێکی وات بدەمەوە، بەڵام دەبوو پێکەوە دیاردە ناشرینەکانی حزبیان لابردایەو پێکەوە هاوکاری یەکتریان بکردایە. ئەمە بە قازانجی میللەت دەبوو. دەبێ لە فیکری میللەتدا بن، نەك دیاردەی ناتەندروست لە حزبدا پێکبێنن. بەڕای من ئەمە کارێکی باش نییە. دیاردە ناتەندروستەکانی حزبیش بەم جیابوونەوەیە چارەسەر نابن.

**لڤین: خانمی قاسملوو بەڕای تۆ حزبی دێموکرات دوای مەرگی قاسملوو توانیویەتی درێژەپێدەری رێبازەکەی بێ؟**

هێلین: وەڵامدانەوە بەم پرسیارە زۆر سەختە. من توانایی رێبەریی ئەمانەم تائێستا نەدیوەو ناتوانم لەوبارەیەوە رایەکی باشم هەبێ. دەتوانم پێشبینی بکەم، بەڵام پێشبینی لە سیاسەتدا جێگای نییە. بەداخەوە من ناتوانم ئەو وەڵامەی تۆ دەتەوێ بیدەمەوە، بەڵام قاسملوو شتێکی دیکە بوو، کە تێگەیشتن لە ئەفکاری کاری هەموو کەس نییە.

**لڤین: خانمی قاسملوو ئەو لەتبوونەی ئەمجارە، نیشانەی نەبوونی دێموکراسی**



خاتوو هێلێن قاسملوو

لەناوخۆی ئەو حزبە نییە؟

هێلین: ئەگەر لە کوردستان بوومایەو شاهیدی کارەکانیان بوومایە، دەمتوانی وەڵام بدەمەوە، بەڵام من لە کوردستان نیمو کارەکانیان نابینم. دەتوانم فیکربکەمەوە، بەڵام ناتوانم وەڵامی دروست بدەمەوە. هەرچەند خودی دێموکراسی واتە کۆکردنەوەی زۆرترین جیاوازیو دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ پێکەوەژیانکردن. ئەگەر دێموکراسی هەبێ یەکترقبوڵکردن دەبێ.

**لڤین: حزبی دێموکرات دوای مەرگی قاسملوو بە ئەندازەی پێویست لاوازبووە، بۆیە ئەو لەتبوونەی ئەمجارەی ئەم حزبە لاوازتری ناکاو نایکا بە حزبی دووهەم لە کوردستان؟**

هێلین: تۆ وا پرسیار لە من دەکەی دەڵێی من لە کوردستانم (پێکەنین)، باوەڕبکە من نازانم ئەوان لە حزبی دێموکرات چی دەکەن. خۆ بە من هیچ ناڵێن. ئەگەر منیان بیربکەوێتەوە دێن هێندێ شت بە من دەڵێن، بەڵام قسە قسەیەو کاریش کارە. من نازانم چی دەکەن. من ئاواتم ئەوەیە ئەوان هەڵەکانی خۆیان راستبکەنەوە.

**لڤین: تۆ ناتەوێ نووسینو بەڵگەنامەکانی دوکتۆر قاسملوو کۆبکەیتەوە؟**

هێلین: نووسینەکانی دوکتۆر قاسملوو هەموو لای حزبی دێموکراتە. من تەنیا ئەو کتێبەم لایە کە پێشتر بە چەندین زمان بڵاوکراوەتەوە. هەموو شتەکانی لای حزبی دێموکراتەو ئەوان دەبێ ئەو کارە بکەن، بەڵام وادیارە لەبەر شەڕی ناو خۆیان فریای هیچ ناکەون.

**لڤین: تۆ ناتەوێ سەردانی کوردستان بکەی؟**

هێلین: دیارە ویستن شتێکەو توانین شتێکی دیکەیە. من زۆر لەشساغ نیم. ئێستا حەب دەخۆم. ئینشائەڵڵا لە داهاتوودا ئەگەر بتوانم، دێم. من هەمیشە پێمخۆشبووە سەردانی کوردستان بکەم، بەڵام دەبێ لە فیکری لەشساغی خۆمدا بم.

**لڤین: خانمی قاسملوو هەرچەند بە قسەکانتدا دیارە زۆر ئاگاداری حزبی دێموکرات نیت، بەڵام ویستم بپرسم جیاوازی رێبەرانی ئێستای حزبی دێموکرات لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو سکرتێری پێشووتری ئەم حزبە لە چیدایە؟**

هێلین: پرسیارەکانت زۆر جددیو سەختە. نازانم چی بڵێم لەسەر رێبەرانی ئێستای حزب. راستە ئەوان خوێندوویانەو شت دەزانن. هەرچەند من نامەوێ لەسەریان قسەبکەم. تۆ باشتر لە من دەیانناسی، بەڵام دوکتۆر قاسملوو هەر لە منداڵییەوە زیرەکییەکی هەبوو کە زوو شت فێردەبووو بەکاریدەهێنا، بۆیە خەڵك پێیانخۆشبوو قسەکانی ببیستنو رێزیان لێدەگرت. ئەو زانکۆی تەواوکردبوو لە چەندین وڵات. لە بواری دیبلۆماسیدا زۆر زیرەك بوو کە لە ئێستای حزب کەسی وا نابینم. هێندێ شتی هەبوو کە رێبەرانی ئێستای حزب نیانە. رەنگە جیاوازییەکەی لەمەدا بێ. دوکتۆر قاسملوو لەناو خەڵکی سادەش بەسادەیی رەفتاریدەکرد، خۆی نزیکدەکردەوە لە خەڵك. من رەفتاری رێبەرانی ئێستا حزب نازانم چۆنە، بەڵام پێموایە دوکتۆر قاسملوو زۆر شتی هەبوو کە دەبوو رێبەرێك هەیبووایە. بەکورتی من پێموایە کەسی تر ناتوانێ جێگای قاسملوو بگرێتەوەو کەسیش ناتوانێ وەك ئەو بێو خۆهەڵواسینیش بە دوکتۆر قاسملوو، خراپکردنی ئەو پیاوەیە.

**لڤین: تۆ وەزعی ئێستای حزبی دێموکراتو کوردی ئێران چۆن دەبینی؟**

هێلین: من باوەڕم وایە رۆژێك کوردەکانی ئێران بە دێموکراسی دەگەنو حزبی دێموکراتیش دەگەڕێتەوە جێگای خۆی، چونکە ئێستا حزبی دێموکرات ناتوانێ وەڵامدەر بێ. تۆ دەزانی لە ئێران کوردەکان ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام کوردەکانی عێراق ئێستا وەزعیان گۆڕاوەو دەتوانن بۆ خۆیان بژینو بخوێنن کە ئەمە ئاواتی من بوو. بۆ دەبێ کوردی ئێران نەتوانێ بەو دەسکەوتانە بگات کە براکانیان لە عێراق پێیگەیشتوون، من بەراستی هیچکات نائومێد نەبوومو نابم. پێموایە کوردی ئێران رۆژێك بە سەرکەوتن دەگا.

**لڤین: تۆ لە رێگای ئەم دیمانەیەوە چ قسەیەکت هەیە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

هێلین: من عاشقی خەڵکی کوردستانم. زۆرم خۆشدەوێن، لەبەرئەوەی خۆشیانمدەوێ، دەمەوێ بڵێم کە وریای خۆیان بن. باش بیربکەنەوە کە چیان دەوێ، چونکە لە وڵاتێکدا دەژین کە دێموکراسی تێدانییە. هەرچەند حزبی تریش هەیە، بەڵام حزبێکی دێموکراتیان هەیە کە ئەوانی تا ماوەیەکی باش رێبەری کردووە، ئێستا کە حزب کەوتووەتە ئەو حاڵەتەوە خەڵك دەبێ هاوکاری حزب بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. خەڵکیش دەبێ نارەزایی خۆیان بگەیەننە هەردوو رێبەری حیزب کە کاك مستەفاو مامۆستا عەبدوڵڵایەو پێیانبڵێن لێتانناڕازینو پێمخۆشە سڵاوی من بگەیەنیتە خەڵکی کورستان.